شەوێکیان هەستام لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، هەستا وسورەتی -البقرة-ی خوێند، ئەگەر بە هەرئایەتێکی ڕەحمەت تێپەڕ بووایە؛ دەوەستا وداوای دەکرد، وئەگەر بە هەرئایەتێکی سزا تێپەڕ بووایە؛ پەنای دەگرت

لە عەوفی کوڕی مالیکی ئەشجەعیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: شەوێکیان هەستام لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، هەستا وسورەتی -البقرة-ی خوێند، ئەگەر بە هەرئایەتێکی ڕەحمەت تێپەڕ بووایە؛ دەوەستا وداوای (لە خوای گەورە دەکرد ڕەحمی پێبکات)، وئەگەر بە هەرئایەتێکی سزا تێپەڕ بووایە؛ پەنای دەگرت (بە خوای گەورە بۆئەوەی لە سزا وئازاری دۆزەخ بپارێزێت)، دەڵێت: پاشان ڕکوعی برد (هێندەی ماوەی) وەستانی (لە ڕکوع بردن مایەوە)، لە کاتی ڕکوع بردندا دەیفەرموو: «(سُبحانَ ذي الجَبَروتِ والمَلَكوتِ والكِبرياءِ والعَظَمةِ)*»، پاشان (هێندەی ماوەی) وەستانەکەی سوجدەی دەبرد، وپاشان لە سوجدە بردنیشدا هەر ئەو (زیکرەی) دەفەرموو، پاشان هەستا و(سورەتی) -آل عمران-ی خوێند، وپاشان سورەت لە پاش سورەتی دەخوێند. *(واتە: پاک وبێگەردی بۆ ئەو خودایەی کە خاوەنی هێز ودەسەڵاتە بەسەر هەموو بوونەوەرەکان، وخاوەندارى هەموو مولْکێکى شاراوە وئاشکرایە، وخاوەنى مەزنى وشکۆداریە)

[صەحیحە] [نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

عەوفی کوڕی مالیکی ئەشجەعی -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە شەوێکیان لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نوێژی کرد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، هەستا وسورەتی -البقرة-ی خوێند، ئەگەر بە هەرئایەتێکی ڕەحمەت وبەهەشت تێپەڕ بووایە؛ دەوەستا وداوای لە خوای گەورە دەکرد ڕەحمی پێبکات وبیکاتە بەهەشتەوە، وئەگەر بە هەرئایەتێکی سزا تێپەڕ بووایە؛ پەنای دەگرت بە خوای گەورە بۆئەوەی لە سزا وئازاری دۆزەخ بپارێزێت، پاشان بۆ ماوەیەکی زۆر ڕکوعی برد هێندەی ماوەی وەستانی، لە کاتی ڕکوع بردندا دەیفەرموو: (سُبحانَ ذي الجَبَروتِ والمَلَكوتِ والكِبرياءِ والعَظَمةِ)*، پاشان هێندەی ماوەی وەستانەکەی سوجدەی دەبرد، وپاشان لە سوجدە بردنیشدا هەر ئەو زیکرەی ڕکوع بردنی فەرموو، پاشان هەستا وسورەتی -آل عمران-ی خوێند، وپاشان سورەت لە پاش سورەتی دەخوێند. *(واتە: پاک وبێگەردی بۆ ئەو خودایەی کە خاوەنی هێز ودەسەڵاتە بەسەر هەموو بوونەوەرەکان، وخاوەندارى هەموو مولْکێکى شاراوە وئاشکرایە، وخاوەنى مەزنى وشکۆداریە)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8281